# کرێکارانی ووزە لە شاری ناصریە مان دەگرن و پۆست لە بەڕێوەبەری گشتی دەسەننەوە!

کرێکارانی ووزەی شاری ناصریە کە لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییدا چەندین ناڕەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندانیان سازدا، جارێکی تر دەستیان دایەوە مانگرتن. جموجۆڵی ئەمجارەی کرێکارانی ووزە




لەبەرامبەر کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگدا بوو کە بەڕێوەبەری ویستگەکە بێ حساب کردن بۆ کرێکاران و بۆ بەرژەوەندی خۆی کۆمەڵێك گەندەڵی لێوەشایەوە لەوانە: کارپێکردنی ئامێرەکانی وویستگەکە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕووسیدا بە شێوەیەکی نایاسایی لەبەرامبەر 100 هەزار دیناری بۆ هەر کاتژمێرێك و ڕۆژانە 8 کاتژمێر، کڕینی ئۆتۆمۆبیلێك بە بڕی 28 ملیۆن دیناری عێراقی لە پاری گشتی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی بەڕێوەبەرو دواتریش فرۆشتنەوەی بە بڕی 15 ملیۆن دوای ئەو زەرەرەی لە کاتی سەردانیدا بۆ کربەلا لێی کەوت ، فەرزکردنی چەند فلتەرێکی دەزوویی بەسەر وویستگەدا هەرچەندە بێ کەڵکیشە تەنها لەبەر ئەوەی کە هی خزمێکی بەڕێوەبەرە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران هەن کە بێ مەسکەنن لەکاتێکدا کە چەندین کەرەڤانە هەن کە بەڕێوەبەرێتی بەکاریان ئەهێنێ هەرچەندە نهۆمی سێش بۆ خۆیان بەکارئەهێنن، دانانی ئینتەرنێت بە نرخێکی زۆر خەیاڵی، کەسێکی بێ شەهادە دانراوە تەنها لەبەر ڕازی کردنی دڵی شێخ (اوس الخفاجی) بەرپرسی نوسینگەی الصدر لەکاتێکدا کە چەندین کەسی خاوەن بڕوانامە بێکارن....هتد.

لەسەر داوای لیژنەی نەقابەی وویستگەی ناوبراو لە ناصریە، لە ڕۆژی 2005/07/07 لە کاتژمێر 7 ی بەیانیەوە کرێکارەکان لەبەردەم گۆڕەپانی وویستگەکە کۆبوونەوە کە ژمارەیان نزیکەی 70 کەس بوو وە بەرپرسی لیژنەکە ووتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا داوای کرێکارانی بۆ دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری گشتی بەرزکردەوە و تەئکیدی لەسەر ئەو خاڵانە کردەوە کە گەندەڵی بەڕێوەبەرێتی نیشان



ئەدەن.

دواتر ئەحمەد سالم، نوێنەری یەکێتی گشتی نەقابەو شورا کرێکاری‌یەکان کە بانگ کرابوو بۆ بەشداری لەو جموجۆڵەیاندا، ووتەی پێشکەش کردو پشتیوانی یەکێتی‌یەکەی بۆ داوای کرێکارەکان دەربڕی. دواتر کرێکارەکان بە خۆپیشاندان کەوتنە ڕێ بۆ بەردەم پارێزگا. هەرچەندە سەرەتا پارێزگار وویستی خۆی لەوە ڕزگار بکات‌و نوێنەرەکەی خۆی بە ناوی تامیم مهدی، کە یاریدەدەری پارێزگارە بۆ کارو باری هونەری نارده لای کرێکارەکان بۆ ئەوەی گفت‌وگۆیان لەگەڵ بکات. بەڵام کرێکارەکان ڕەفزی گفت‌وگۆیان لەگەڵ هەرکەسێکدا کرد کە صلاحیەتی لابردنی بەڕێوەری نەبێت. وە هەرچەندە یاریدەدەری پارێزگار وویستی ئەوان بوەستێنێت‌و نەگەنە بەردەم بینای پارێزگا، بەڵام ئەوان گەیشتن‌و لەوێش کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك کە لەتاو بێکارەبایی هاواریان لێبەرزبۆتەوە، پێیانەوە پەیوەست بوون. هەر لەوێ وەفدێك پێکهێنرا لە بەڕێزان عباس عبدالحسن راهی، محمد فیصل، مهندس اياد، احمد سالم، حميد جواد، جواد كاظم حالوب، رائد شريف، الحجاج احمد ثامر، علی صيوان. وەفدەکە لەگەڵ بەرپرسانی پارێزگادا کۆبوونەوە. لەبەرئەوەی نوێنەران پێیان لەسەر دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێوەبەر دائەگرت، ئەوان ووتیان کە ئەمە لە صلاحیەتی ئەواندا نی‌یە، بگرە هی ئەنجومەنی شارەوانی‌یە. هەربۆیە خۆپیشاندەران بەرەو ئەنجومەنی شارەوانی ڕۆیشتن. لە کۆبوونەوەیەکدا کە سەرۆکی ئەنجومەن‌و بەرپرسی نەقابەی ئەندازیاران‌و یاریدەدەری پارێزگار لەگەڵ وەفدەکە کۆبوونەوە، ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە بەڕێوەبەری گشتی وویستگە، علاء موسی، لابرێ‌و وەکیلەکەی بە ناوی (مهدی محسن البدر) وەك بەدیلێکی کاتی دانرێ تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەکرێ. هەروەها لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو مەسەلەکانی ووزە بەسەرۆکایەتی پارێزەر ( صلاح الشمری‌و ئەندامێتی لیژنەی نەقابەکە (عباس عبدالحسن، محمد فیصل، جواد كاظم)، و ئەندازیار احمد شهد عواد. لیژنەکە لە ڕۆژی 07/19 ەوە دەست دەکات بەکارەکانی‌و لەماوەی هەفتیەکدا کارەکانی تەواو ئەکات‌و ئەبێ لەماوەی 10 ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی لەوبارەیەوە بدات.




ئەمەو لەو بارەیەوە قاسم هادی سکرتێری گشتی یەکێتی بێکاران لە عێراق لە ڕۆژی 07/20 دا پەیامێکی پشتیوانی بۆ کرێکارانی ناصریەو یەکێتی بێکارانی ئەو شارە نارد کە تیایدا پشتیوانی زیاترو پێداگری یەکێتی‌یەکەی لەسەر ئەو داواکاری‌یانەی کرێکاران‌و جەماوەری شاری ناصریە دووپات کردەوە. هەروەها لە پشتیوانی‌یەکەی قاسم هادیدا هاتووە کە حکومەتێک کە نەک توانای چاککردنی قەیرانەکانی خەڵکی نی‌یە، بگرە توندتری کردۆتەوە. حکومەتێک کە نەتوانێن ئەمنیەت‌و نان‌و ئاوی خواردنەوەو کارەباو پێداویستی‌یەکانی خەڵک دەستەبەر بکات، ئەبێ بڕوات. کرێکاران‌و جەماوەریش بێجگە لە یەکگرتوویی‌و یەکڕیزی هیچ ڕێگەیەکی تریان نی‌یە بۆ گۆڕینی ژیانیان.